





## فائیزه جەلال:

# ئاواتمە ببمە باشترین گۆڵچی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق

فائیزه یەکێکە لە گۆڵچییە بەتواناکانی ســەر ئاستی شاری هەولێرو کوردســتان، لە ماوەی ڕابردوودا لە خولی فوتســاڵی کچانی کوردستان و پەروەردە گشتییەکانی سەر ئاســتی هەرێم توانی ئاســتێکی بەرز لەگەڵ هەردوو تیپی ئافرەتانی هەولێرو هەڵبژاردەی هەولێر پێشــکەش بکات،ناوبراو لەدایکبووی ســاڵی ١٩٩٤-ەو دانیشتووی قەزای دەشتی هەولێرەو قوتابیی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

* ئاستی یارییەکانی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان؟

- بە شێوەیەکی باشی دەبینم کە ساڵانە تیپەکان ئامادەکاری باش دەکەن بۆ کێبڕکێ کردن لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خول و پاڵەوانێتییەکان، هەموو ساڵێکیش یانەکان لە شارەکانی کوردستان لە هەوڵی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستەبوون بە پاڵەوان دەدەن.

* ئاستی فوتساڵ لە هەولێر چۆن دەبینی؟

-لەم بڕوایەم ئاستی یاریی فوتساڵ لە پایتەختی کوردستان ساڵ بە ساڵ بەرەو پێش چوونی باش بەخۆیەوە دەبینێت، ساڵ لەدوای ساڵ تیپی بەهێز لە هەولێر دروست دەبێت ئەگەر گرنگیی بەردەوام هەبێت پێش بینی دەکەم لە داهاتوودا دەبینە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا.

* وەکو کچە یاریزانێك پێت باشە چی بکرێت بۆبەرزبوونەوەی ئاستی یاری فوتساڵ لە کوردستان؟

- کردنەوەی پاڵەوانێتی بەردەوام و دروست کردنی یاریگاو هۆڵی تایبەت ئەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ هاتنی کچان بۆ ناو وەرزش و بەرز بوونەوەی ئاستی ئەم یارییە، لە هەمان کاتیشدا پێویستمان بە ئامادەبوونی هاندەران هەیە لە یارییەکان بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر هانبدرێین بۆ کێبڕکێ کردن لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە.

* تاکو ئێستا لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق داواکراویت؟

- نەخێر بەڵام بەهیوای ئەوەم لە داهاتوو زیاتر پەرە بەتواناکانی خۆم بدەم و ببمە یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی.

* کێشەو گرفتەکانتان زیاتر لە چی ڕەنگ دەداتەوە؟

- پێشووتر کێشەی هۆڵمان هەبوو، بەڵام لە ئێستادا وا خەریکە بە کۆتایی دێت و ئیتر کێشەو گرفتی یاریگامان نامینێت.

* هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟

- بەهیوای ئەوەم لە داهاتوو ببمە باشترین گۆڵچی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق.

* حەز دەکەی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی کوردستان دابمەزرێ؟

- ئەو هیواو ئاواتی چەند ساڵەی منە لە وەرزش کردن بۆئەوەی منیش یەکێك بم لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی کوردستان و خزمەتی وڵاتەکەم بکەم لەر یگای وەرزشەوە.

* لە ماڵەوە هاوکاریت دەکەن بۆ وەرزش کردن.

- لێرەوە لە ڕێگای ئەو مینبەرە جوانەوە دەمەوێ سوپاسی دایك و باوکی خۆشەویستم و ڕاهێنەرەکەم بکەم ئەگەر پشتگیری ئەوان نەبێت نەمدەتوانی بەم شێوەیە بەردەوامبم.

* بەچ گۆڵچێك زۆر سەرسامی لەسەر ئاستی جیهان؟

- زۆر بە ئاستی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید سەرسامم.

دیمانە: کارزان کانەبی





# ڕەنگە ئەرسەلان جەلال لە یانەی نەورۆز بمێنێتەوە

هەر چەندە ئەم وەرزە ئەرسەلان جەلال توانی یانەی وەرزشی نەورۆز لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بهێڵێتەوە، ئاستی یاریزانانیش لە یارییەکان بەرز دەرکەوتن لەمیانی یارییەکانی قۆناغی دووەم و بەدەست هێنانی چەندین سەرکەوتنی گرنگ لە یارییەکانی ئەم وەرزە، ئەم ئەنجامە باشانەش بوونە هۆکار بۆ مانەوەی یانەی نەورۆز لە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بەر لە وەرگرتنی ئەرکی مەشقی ئەو یانەیش، تیپی نەورۆز بە باروودۆخێکی خراپ گوزەری دەکرد، لە ئێستاشدا یانەی نەورۆز لە هەوڵی مانەوەی ئەرسەلان جەلالن لە پۆستەکەی خۆی و لە هەمان کاتیشدا ژمارەیەك یانە هەیە لە هەوڵی ڕازی کردنی ڕاهێنەری ناوبراون بۆ دانەوەی مەشقەکانیان، لە بارەی ئەگەری جێهێشتنی تیپی نەورۆزیش، ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری یانەی وەرزشی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی «تاکو ئێستا بەفەرمی من دەستبەرداری یانەی نەورۆز نەبوویمە و دەستەی کارگێڕیی یانەکەش داوای مانەوەیان لێ کردوومە بۆ ئەوەی وەرزی داهاتووش بەردەوامبم، بەڵام بەفەرمی قسەیان لەگەڵ نەکردوە بۆ ئەوەی گرێبەستەکە نوێ بکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا یانەی شەهیدانی دەروازەی ڕاپەرین هاتونەتە لام بۆ گفت و گۆکردن بۆ مۆرکردنی گرێبەست، بەڵام من تاکو ئێستا بەفەرمی هیچ قسەیەکم لەگەڵیان نەکردووە بۆ واژوو کردنی گرێبەست، گوتیشی من دەمەوێ قسە لەگەڵ یانەی نەورۆز بکەم جارێك چونکە ئەوان دەڵێن نابێت بڕۆیت بە هیچ شێوەیەك، منیش دەمەوێ بۆ وەرزی داهاتوو ئەگەر مامەوە بتوانم تیپێکی نموونەیی ڕێکبخەم و ئەنجامی شایستە لەگەڵ تیپەکە بەدەست بهێنم و ئەم ساڵیش لەگەڵ یانەی نەورۆز ئاستێکی بەرزمان پێشکەش کردو توانیمان خۆمان بهێڵینەوە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەوەش دەستکەوتێکی باش بوو لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی یارییەکان ئاستمان بەرز بووە و توانیومانە ئەنجامی شایستە لەبەرامبەر تیپی بەهێز بەدەست بهێنین، هیچ کێشەو گرفتێکمان لەگەڵ یانەی نەورۆز نەبووە .

# ئاژانسەکان.... شۆڕشی بەرشلۆنە بەڕێوەیە

ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە کە دەستەی کارگێڕیی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەهەوڵی ئەنجامدانی شۆڕشێکی گەورەیە. لەمبارەیەوە رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی نزیك لەیانەی ناوبراو لەهەواڵێکیدا ئەم دەنگۆیانەی پشت راستکردۆتەوە کە دەستەی کارگێڕیی یانەکە لەهەوڵی دانانی پلانێکە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی گەورە ئەویش بەفرۆشتنی زیاتر لەنیوەی یاریزانانی تیپەکە لە کاتی کردنەوەی گواستنەوەی یاریزانان لە وەرزی هاوینی داهاتوودا، چونکە بەپێی بۆچوونەکان لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆری یاریزانە سەرەکییەکانی تیپەکە تەمەنیان گەورە بوو.

لەلایەکی ترەوە هەمان سەرچاوە دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو یانە کەتالۆنییە هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ دەست بەرداربوون لە شەش یاریزانی یانەکەی کە لەم وەرزەدا هیچ هەلێکیان لەبەردەم نەڕەخسا یاری بکەن بەتایبەت جۆناسان دۆس سانتۆس و ئیبراهیم ئەفیلای و کریستیان تییۆ و ئیسحاق کوینکا و سیرجی رۆبیرتۆ و ئوییر ئۆزلابا. جگە لەوانەی باسکران کارگێڕیی یانەکە بەسەرۆکایەتی جۆسیب بارتۆمیۆ گویێ لەو گرێبەستانە دەگریت کە پێشکەشی دەکرێن لەمەڕ هەریەك لە دانی ئەلڤێس و سیسك فابریگاس و ئەلیکس شانسیز و خافیر ماسکیرانۆ و پیدرۆ رۆدریگز و ئەدریانۆ کۆریا و ئەلیکساندەر سۆنگ.

ئەوەی جێگای باسە لە ٣٠ یۆنیۆی داهاتوودا سێ یاریزان دەستبەرداری یاریکردن دەبن لەم یانەیە ئەوانیش بریتین لە هەریەك لە کارلیس پیۆل کە بەر لەچەند هەفتەیەك خۆی بڕیاری جێهێشتنی دا لەگەڵ ڤیکتۆر ڤاڵدیز کە ئەگەری هەیە گرێبەست لەگەڵ مۆناکۆ واژووبکات، لەگەڵ نوێ نەکردنەوەی بۆندی گۆڵپاریز پینتۆ

## یانەی ریال مەدرید هەوڵی بەدەست هێنانی یاریزان لۆران کۆتشیلنی دەدات

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەهەوڵی بەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی نێودەوڵەتیی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ئەرسنال لۆران کۆتسیلنی بەرگریکارە بۆ بەهێزکردنی هێڵی بەرگریی یانەی شاهانە بۆ وەرزی داهاتوو. لەم بارەیەوە رۆژنامەی Eyefootball بەریتانی بڵاوکرۆتەوە بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان یانەی ریال نزیك بۆتەوە لەبەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی فەرەنسی یانەی ئەرسنال لۆران کۆتسیلنی کە بەیەکێك لەکارتەکانی کارلۆ ئەنشلۆتی دادەنرێت کە متمانەی پێوە بکات بۆ وەرزی داهاتوو. ئەمەو لۆران کۆتسیلنی ئەم ساڵ جوانترین و باشترین ئاستی پێشکەشکرد لەگەڵ یانەی ئارسناڵ و تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ یاری لەگەڵ ئەو یانەیە ئەنجام داوەو بەیەکێك لە بەرگریکارە بەتواناکانی تیپەکەی دادەنرێت جگە لەبەشداریکردنی لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا.





راهێنەری هەڵبژاردەی دانیمارک:

# مۆرینهۆ مەترسییەکی گەورەو دوژمنی یەکەمی تۆپی پێیە

راهێنەری هەڵبژاردەی دانیمارك مۆرتن ئۆڵسن رایگەیاند لەئێستادا بەرێوەبەری هونەری یانەی چێلسی ئینگلیزی جۆزی مۆرینهۆ دوژمنێکی مەترسیداری گەورەیە بۆ سەر تۆپی پێی جیهان.ئەمەو رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی وەرزشی لەزاری ئەو راهێنەرەی دانیمارك بڵاویکردۆتەوە مۆرینهۆ مەترسییەکی گەورەو دوژمنی یەکەمی تۆپی پێیە، چونکە لەتواناای هەیە تام و چێژی یاریی تۆپی پێ نەهێڵێت کە ئەمەش جێگای مەترسییەکی زۆرە. هەروەها ئۆلسن روونیکردەوە گەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات کە زۆرێك لەراهێنەرەکان لەسەر شێوازی ئەو پلانەکانیان جێبەجێ بکەن ئەوان سەرەتای کۆتایی هاتنی یاریی جوانی تۆپی پێیە، چونکە ئەو توانایەکی باشی یاریزانانی لەبەردەست دایە، بەڵام تەنیا یاریی بەهێڵی بەرگری دەکات بۆ کوشتنی یارییەکان و بەدەست هێنانی ئەنجام لەسەر حیسابی یاریی جوان .

# کێ دەبێتە پاڵەوانی ئەوروپا مەدرید یان ئەتلەتیکۆ؟

**ئەتلەتیکۆ مەدرید**

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە ساڵی ١٩٠٣ دامەزراوە لە ساڵی دامەزراندنی تا ئێستا خاوەن ٢٩ نازناوە لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئیسپانیا و تا ئێستا خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بە دەست نەهێناوە، (٩) پاڵەوانی خولی ئیسپانیایە و (١) خولی پلە دووی ئیسپانیای بە دەستهێناوە و (٢) خولی ئەوروپا و (١) جامی یەکێتی ئەوروپا و (٢) جامی سوپەری ئەوروپا و (١٠) جامی شای ئیسپانیا و (٣) جامی سوپەری ئەوروپا و (١) جامی ئەنتەرکۆنتینتالی بە دەستهێناوە و لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٨ جار بەشداری کردووە و باشترین ئەنجامی لە ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤) بوو کاتێك گەیشتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە، بەڵام لە یاریی کۆتایی بە ئەنجامێکی گەورە بەرانبەر یانەی بایرن میونیخ دۆرا (٤-٠) گۆڵ، بۆیە ئەم ساڵ هەوڵ دەدات یەکەم نازناوی خۆی لەم پاڵەوانێتییە بە دەستبهێنێت.

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید خاوەن یاریگای (فێستنی کالدیرۆن)ە و شوێنی (٥٤٨٥١) هەزار کەس دەبێتەوە.

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە وەرزی ئەم ساڵدا لە کۆمەڵەی حەوتەمدا شان بەشانی یانەکانی (زێنت سان بترسبۆرگ (روسیا)، پۆرتۆ (پورتوگال)، ئۆستریا ڤێنا (نەمسا) یاریی کرد و توانی ٥ سەرکەوتن و یەك یەکسانبوون تۆمار بکات و لە پلەی یەکەم سەرکەوت بۆ قۆناغی ١٦، لەم قۆناغەدا رووبەڕووی یانەی (ئەی سی میلان)ی ئیتاڵی بووە و توانی لە هەردوو یاری لە یانە ئیتاڵییەکە بباتەوە و خۆی بگەیەنێتە قۆناغی هەشت و رووبەڕووی یانەی بەرشلۆنە بووەوە، یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لەم یارییەدا توانی لە کۆی هەردوو یاری سەربکەوێت بۆ قۆناغی پێش کۆتایی و رووبەڕووی یانەی چێلسی ئینگلیزی بووەوە توانی لە یانە ئینگلیزییەکەش بباتەوە و خۆی بگەیەنێتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە.

ئەوەی جێگای سەرنجە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لەم پاڵەوانێتییە تا ئێستا هیچ یارییەکی نەدۆڕاندووە و خاوەنی ٢٧ گۆڵە و تەنیا ٦ گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

ئەتلەتیکۆ مەدرید خاوەنی باشترین گۆڵچی پاڵەوانێتییەکەیە ئەویش (کورتوا)ی بە رەگەز بەلژیکییە، هەروەها خاوەن باشترین یاریزانی هێڵی هێرشبەرە ئەویش (دیگۆ کۆستا)ی ئیسپانی و بەسەرکردایەتیی (دیگۆ سیمیۆنی) ئەرژنتینی.

**ریال مەدرید**

لە ساڵی ١٩٠٢ لە شاری مەدرید دامەزراوە و خاوەن یاریگەی سانتیاگۆ بیرنابیۆیە کە شوێنی (٨٥٤٥٤) هەزار هاندەر دەبێتەوە و لە سەرەتای دامەزراندنی تا ئێستا (٧٧) نازناوی بە دەستهێناوە و بە



یانەی (شـــاهانە) ناسراوە، نازناوەکانیش بریتین لە (٣٢) جار خولی ئیســـپانیا و (٩) جار خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و ( ٢) جـــار خولـــی ئەوروپا و (١) جار جامی ســـوپەری ئەوروپی و (١٩) جار جامی شـــای ئیســـپانیا و (١٠) جار جامی سوپەری ئیسپانیا و (٣) جار جامی ئەنتەرکۆنتینتال و (١) جار جامی جیهانی یانەکانی بە دەستهێناوە.

یانەی ریـــال مەدرید (٣٨) جار بەشـــداریی لە خولی یانە پاڵەوانەکانـــی ئەوروپا کـــردووە و توانی (٩) جـــار نازناوی پاڵەوانێتییەکـــە بە دەســـتبهێنێت و تا ئێســـتا هیچ یانەیەك نەیتوانیوە ئەم دەستکەوتە تۆمار بکات.

یانـــەی ریـــاڵ مەدرید لـــە کۆمەڵەی دووەم شانبەشـــانی یانەکانی (گەلاتە ســـەرای (تورکیـــا)، یۆڤنتوس (ئیتاڵیا)، ئیف ســـی کۆپنهانـــگ (دانیمارك) یاری کـــرد و توانی بە پلەی یەکەم ســـەرکەوێت بۆ قۆناغی ١٦ دوای ئەوەی توانی لە ٥ یاری ســـەرکەوتن تۆمار بکات و یەك یاری یەکسان بێت و لـــە قۆناغی ١٦ بە ئەنجامێکی گەورە لە هەردوو یاری لە یانەی شاڵکە-ی ئەڵمانی بردەوە و لە قۆناغی ٨ رووبەڕووی یانەی بروسیا دۆرتمۆنـــد-ی ئەڵمانی بووەوە، لەم یارییە ریال مەدرێد بەزەحمەت توانیان بگەنە قۆناغی پێش کۆتایی، کە رووبـــەڕووی یانەی بایرن میونیخ-ی ئەڵمانی بوونەوە لەم یارییەدا یانەی شـــاهانە بە ئەنجامێکی گەورە لە باڤارییەکانی بردەوە و خۆی گەیاندە یاریی کۆتایی.

لەم پاڵەوانێتییەدا یانەی ریال مەدرید تەنیا لە یەك یاری تووشی دۆڕان هات بەرامبەر یانەی بروسیا دۆرتموند و توانی لەم پاڵەوانێتیەدا ٣٧ گۆڵ تۆمار بکات و تەنیا ٩ گۆڵی لێ تۆمار کراوە.

کریســـتیانۆ رۆناڵدۆی یاریزانی ریال مەدرید گۆڵگاری خولەکەیە، هەروەها خاوەنی باشترین گۆڵچی جیهانییە ئەویش ئیکەر کاسیاسە و بەسەرکردایەتیی راهێنەری ئیتاڵی ئەنچلیۆتی.

لە یاریی کۆتایی یاریزان ئەلۆنسۆ بەهۆی وەرگرتنی کارتی زەرد لەم یارییە بێبەش دەبێت.

**چەند زانیارییەك لەسەر یاریگای دالوژ**

یاریگای دالوژ لە ساڵی ١٩٥٤ دروستکراوە و لە ساڵی ٢٠٠٣ یاریگایەکە نوێکراوەتەوە، ئەم یاریگایە لە شاری لیشبۆنەیە لە وڵاتی پورتوگال و شوێنی ٦٥ هەزار هاندەر دەبێتەوە.

ئـــەم یاریگایـــە میوانداریی یاریی کۆتایی جامـــی نەتەوەکانی ئەوروپـــا-ی ٢٠٠٤ی کرد لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی رووسیا و پورتوگال، کاتێك هەڵبژاردەی پورتوگال یارییەکەی دۆڕاند، هەروەها ئەم یاریگایە میوانداریی یاریی کۆتایی جامی سوپەری ئەوروپای کرد لە ساڵی ١٩٩٢ و لە ساڵی ١٩٩١ میوانداریی جامی جیهانی لاوان-ی کرد و لە خولی پورتوگال ئەم یاریگایە یانەی بەنفیکا یارییەکانی تێدا ئەنجام دەدات.




**وا بڕیـــارە رۆژی شـــەممە ٢٠١٤/٥/٢٤ لـــە یاریگەی دا لوژ لە وڵاتی پورتوگال کاتژمێر (٩,٤٥) بە کاتی کوردســـتان یاریـــی کۆتایی خولـــی یانە پاڵەوانەکانـــی ئەوروپا لە نێوان هـــەردوو یانەی ریـــال مەدرید و ئەتلەتیکـــۆ مەدرید ئەنجام بدرێـــت، بە پێویســـتمان زانی راپۆرتێك لەسەر یارییەکە ئامادە بکەین.**

راپۆرت: رێبین رەمزی